سێ هاوڵاتی سویدی لە باشووری وڵاتی فەڕەنسا دەستگیرکران

سێ هاوڵاتی سویدی لە باشووری فەڕەنسا دەستگیرکران و بەپێی ڕاژنامەی ئەفتونبلادەت، یەکێک لەو کەسانە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە پێیوەندی بە تەڕەکی تیرۆریستی هەبێت لە ستۆکهۆڵم و دووانەی دیکە پێیوەندییان بە تاوانی گەورەوە هەبوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی سویدی، گومانلێکراوەکان بە بەڵگەنامە و ناسنامەی ساختەوە لە باشووری فەڕەنسا دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا هیچ وردەکارییەکی دیکە لەسەر دەستگیرکردنەکە لەبەردەستدا نییە.

بەگوێرەی ڕاژنامەکە، ئەو سێ هاوڵاتی سویدیە تەمەنیان لە بیست ساڵیدا بووە و پێشتر بە تاوانی توندوتیژی و ماددەی هۆشبەر تاوانبارکرابوو و دەستگیر کران.

بەگوێرەی زانیارییەکان، یەکێک لە دەستگیر کراوەکان سەر بە تەڕەکی تاوانکاری بووە لە شاری ستۆکهۆڵم-ی سویدی و لەم دواییانەدا ئازادکرا دوای ئەوەی بە تاوانی ماددەی هۆشبەر و چەکی بە مەڕەت دەستگیر کرابوو.